# کۆڤید-١٩: ڕێنمایی بەرەی پێشەوە بۆ بڕیاربەدەستانی خۆجێی



*Credit: NIAID-RML*

**ئەم نامیلکەیە کارێکی هاوبەشە و چەندین پسپۆڕلە دەستگا گەورەکانی توێژینەوەی ئاسایشی تەندروستیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرهەمهیان هێناوە و پێداچوونەوەیان کردووە. هاوکارە سەرەکییەکان بریتین لە:**

*بێس کامیرۆن، دکتۆرا، جێگری سەرۆک، سیاسەتەکان و بەرنامەکانی بایەلۆجیی جیهانیی، ئێن تی ئای، گەورە بەڕێوەبەری پێشووی تەندروستیی جیهانی و بایۆدیفێنسی جیهانیی، بەڕێوەبەرایەتیی ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی بۆ کاروباری ئاسایشی تەندروستیی جیهانی  و بایۆدیفێنس جێسیکا بێل، گەورە بەرپرسی بەرنامە، سیاسەتەکان و بەرنامەکانی بایەلۆجیی جیهانی، ئێن تی ئای.*
*جاکۆب ئیکلز، بەرپرس لە بەرنامەی ئێم پی ئێچ، سیاسەتەکان و بەرنامەکانی بایەلۆجیی جیهانی، ئێن تی ئای، هایلی سیڤەرانس، گەورە بەرپرسی بەرنامەی ئێم پی ئێچ، سیاسەتەکان و بەرنامەکانی بایەلۆجی جیهانیی، ئێن تی ئای.*
*ئێلی گرادین، دکتۆرا، گەورە بەڕێوەبەری جێبەجێکار، تاولوس ئەنالیتکیز.*
*جێرمی کۆندیدنیک، ئێم ئێس ئێف ئێس، گەورە هەڤاڵی سیاسەتەکان، بنکەی گەشەپێدانی جیهانی، بەڕێوەبەری پێشوو لە هاوکاریی کارەساتی جیهانی، یو ئێس ئەی ئای دی*
*ڕێبیکا کاتز، دکتۆرا ئێم پی ئێچ، پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری بنکەی زانستی تەندروستی و ئاسایشی جیهانی، زانکۆی جۆرجتاون.*
*ماسیۆ بۆیس، ماستەر، گەورە هەڤاڵی توێژینەوە لە زانکۆی جۆرجتاون، بنکەی زانستی تەندروستی و ئاسایشی جیهانی.*

**ئەوانەی کاری پێداچوونەوەی بابەتەکەیان کردووە ئەمانەی خوارەوەیان تێدایە:**
*پۆڵ دی بیدینگەر، ئێم دی ئێف ئەی جی ئی پی، ئێم جی ئێچ، بەڕیوەبەری ئامادەکاریی ناکاویی، بەڕێوەبەری بنکەی تەندروستیی لە کارەساتدا و جێگری سەرۆکی ئامادەکاریی بۆ ناکاویی، فەرمانگەی تەندروستیی لە ناکاوییدا، خەستەخانەی گشتیی ماساشویستز، بەڕیوەبەری تەندروستیی لە ئامادەکاریی ناکاویی، ئێم جی ئێچ و هێلسکێر پارتنەرز، بەڕیوەبەر، هارڤارد، تی ئێچ چان سکول بۆ تەندروستیی گشتیی ناکاویی و ئامادەکاریی، بەرنامەی هەڵسەنگاندن و پیادەکردن.*
*دیلان جۆرج، دکتۆرا، جێگری سەرۆک، ستافی تەکنیکی، لە کیوتێڵ*
*مارگرێت هامبورگ، سەرۆکی ئێم دی، بۆردی یەکتیی ئەمریکی بۆ بەرەوپێشبردنی زانست، کۆمسیۆنێری پێشوو لە دەستگای خۆراک و دەرمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.*
*دان هانلفینگ، پزیشک، جێگری سەرۆک، ستافی تەکنینی، ئین کیوتێڵ.*
*ئاشیش کەی جەی ئێچ ئەی، پزیشک، ئێم پی ئیچ، بەڕێوەبەر، پەیمانگەی جیهانیی تەندروستیی هارڤارد*
*کەی تی لی، پرۆفیسۆری تەندروستیی جیهانی، هارڤارد تی ئێچ چان سکولی تەندروستیی گشتیی، پرۆفیسۆر، پزیشک، سکوڵی پزیشکیی هارڤارد*
*جولیت کایم، سەرۆکی فاکەلتی، پرۆژەی ئاسایش و تەندروستیی جیهانی، سکولی کەنەدی بۆ حکومەت، زانکۆی هارڤارد جەیمس لولەر، پزیشک، بەڕێوەبەری جێبەجێکار، بەرنامە و داهێنانی نێودەوڵەتی، بنکەی جیهانیی بۆ ئاسایشتی تەندروستی، و پرۆفیسۆری یاریدەدەر بۆ دەرمان، بەشی نەخۆشییە پەتاییەکان، زانکۆی پزیشکیی نێبراسکا*
*تیمۆسی مانین، بەڕێوەبەر، چالاکیەکانی واشنگتۆن دی سی، پی دی سی گلۆباڵ، جێگری کارگێڕی پێشوو، فێما.*
*جێنیفەر نوزۆ، دکتۆرا، ئێس ئێم، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، زانکۆی جۆن هۆپکنز بلومبێرگ، سکوڵی تەندروستیی گشتیی، گەورە توێژەر، بنکەی جۆن هۆپکنز بۆ ئاسایشی تەندروستی*

*دێڤید پۆلاتی، ئێم ئەی، پرۆفیسۆر، کۆلێژی دەریایی جەنگی ئەمریکی بەرنامەی وەڵامدانەوەی مرۆیی و توێژەری میوان، پەیمانگەی واتسۆن زانکۆی براون*

*ناسانیل ئەی رەیمۆند، وانەبێژ، پەیمانگەی جاکسن بۆ کاروباری جیهانی، زانکۆی یەیڵ*

*ئێریک تۆنەر، پزیشک، گەورە توێژەر، گەورە زانا، بنکەی جۆن هۆپکنز بۆ ئاسایشی تەندروستی*

*کریستاڵ واتسۆن، دکۆترا، گەورە توێژەر، جۆن هۆپکنز سێنتەر بۆ ئاسایشی تەندروستی، فەرمانگەی تەندروستیی ژینگەی و ئەندازیاریی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، فەرمانگەی تەندروستیی ژینگەیی و ئەندازیاری، جۆن هۆپکنز قوتابخانەی بلومبێرگ بۆ تەندروستیی گشتیی*

*گابرییڵ فیزگیراڵد، ئێم پی ئەی، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری جێبەجێکار، پانۆراما*

**کۆڤید-١٩: ڕێنمایی بەرەی پێشەو بۆ بڕیاربەدەستانی خۆجێی**
پەتای کۆڤید ١٩ بە شێوەیەکی بەرچاو ژیانی ڕۆژانەی شارەکان و کۆمەڵگەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا، پچڕاندووە. ئەم ڕێنماییە بریتییە لە چوارچێوەیەکی ستراتیجیی بەرایی بۆ سەرکردەکانی ویلایەت و شار و خۆجێی لە دەستپێکردنیان بۆ دانانی پلان ئەو شتانەی پێویستە ئەنجامی بدەن بۆ کەمترکردنەوەی کاریگەری تەشەنەسەندنی لە ماوەی نزیک خایەندا. نامیلکەکە و چێک لیستەکە لە لایەن تیمێکەوە ئامادەکراوە کە بریتین لە پسپۆڕانی شارەزا و بەرپرسانی پێشووی بواری تەندروستیی گشتیی (تکایە بڕوانە https://www.covid-local.org/contributors.html)، بە ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسانی هەنووکەیی ویلایەت و خۆجێی لەسەر ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئێمە لێرەدا جەخت دەخەینە سەر دابینکردنی زانیاری لەلایەک بۆ کەمکردنەوە و سەرکوتکردنی بلاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، و لەلایەکیس بۆ پشتگریی لە پێویستییەکانی کۆمەڵگەکە.
ئەم ڕێنماییە ئاگاردە لە ڕێنمایی پێشتری دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و هی جیهانی و دۆزینەوەکانی دەستگاکانی تەندروستی گشتیی، و ئەو وانانەی کە فێریان بووین لە ولاتانی تر سەبارەت بە چۆنیەتی جەنگین دژی کۆڤید-١٩ لە کانونی دووەمی ٢٠٢٠ ەوە. **مەبەستەکەی بریتییە لە تەواوکردنی بەڵام نەک وەلانان، ڕاویژکاری و ڕێنمایی دەسەڵاتدارانی تەندروستی و هی تری جیهانی، فیدراڵی، و خۆجێی.**

**<u>تێڕوانینێکی گشتیی لەسەر ئەم نامیلکەیە</u>**

کۆڤید-١٩ کە هۆکارەکەی بریتییە لە سیندرۆمی تیژ و توندی کۆرۆناڤایرۆس ٢ (سارس، کۆڤید-٢) بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنە دەکات ئەگەر بە پەلە کاری لەسەر نەکرێت. شاری جۆراوجۆر ڕووبەڕووی مەترسیی جۆراوجۆر دەبنەوە و پێویستە هەر یەکەی بۆ خۆیان ستراتیجی کۆنترۆڵ و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان دابڕێژن، بە پشتبەستن بە تەسقیتی تەشەنەسەندنەکە لە شوێنەکە. ئەم ڕێنماییە مەبەستەکەی بریتییە لە دابینکردنی ئامرازێکی پشتگیریی بۆ سەرکردە و بەرپرسانی فەرمی لە ویلایەتەکان، شارەکان، و خۆجێییەکان بە مەبەستی هاوکارییان لە دانانی ستراتیج و لە بڕیاردارنی پشتبەستوو بە زانیاری و ئاگاداربوون لەسەر چۆنیەتیی شەڕکردن لە دژی نەخۆشییەکە، کۆڤید-١٩، لە سنووری بەرپرسیارێتییاندا. ئەمە بریتیی نیە لە سێتێک ڕێنمایی تەسک و سنووردار، بەڵکو ڕەوش و ڕاوێژ و ئامۆژگارییە بۆ چۆنیەتی داڕشتنی پرەنسیپی تایبەت بە خۆت بۆ ستراتیجی کۆنترۆڵی تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکە، و بەڕێوەبردنی کارەسات، و گەیشتن بە تێگەیشتن و مەعریفە لەسەر داینامیکییەتی کۆڤید-١٩ لە هەلومەرج و ڕەوشی خۆجێییتیدا.

جەنگ لە دژی پەتای ڤایرۆسێکی نوێ، ئاستەنگ و چالێنجێکی سیاسەتی گشتییە و نموونەی نییە: تێچووی مرۆیی و ئابووریی کارنەکردن و ڕووبەڕوو نەبوونەوەی ڕۆژانە و هەفتانە، بە شێوەیەکی ڕاستەوانە زیاد دەکات. لەگەڵ دەستپێکردن و تەشەنەسەندنی پەتایەک و زیادبوونی، دواخستنی کاردانەوە بۆ ١-٢ هەفتە زۆر جیاواز دەبێت لە نێوان ژمارەی کەیسەکان لە هەزاران کەیسەوە بۆ دەیان هەزار. توێژینەوەیەک لەسەر پەتای ئەنفلۆنزای ١٩١٨-١٩١٩ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر زوو ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، پیادەکردنی بەردەوام و ڕێکوپێکی ڕێوشوێنی وەک لێکدووربوونی کۆمەڵایەتیی کاریگەری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی تووشبوونی کۆمەڵایەتیی پەتاکە. کارێکی سوودبەخش دەبێت هەر زوو ڕێوشوێنی توند بسەپێنیت وەک لەوەی چاوەڕێ بکەیت، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێوشوێنانە وەها دیار بن کە پێشوەختانەن و هێشتا زوون. وانەکانی لە سینگافورەوە فێربووین، لە هۆنگ کۆنگ، و تایوان، لە ماوەی ئەم پەتایەی ئێستادا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە زوو کارکردن و دیسپلین دانان دەتوانن سنوور دابنێن یان ڕێگە بگرن لە تەشەنەسەندنی خێرا. لەگەڵ ئەمەشدا سەرکردەکانی ویلایەتەکان و خۆجێی هەروەها پێویستە بەراورد بکەن لە نێوان سوودەکانی تەندروستی گشتیی ڕێوشوێنەکانی وەستاندنی ژیانی ڕۆژانە لە هەمبەر کاریگەرەکانی ئەو ڕێوشوێنانە لەسەر ئابوری و خەڵکی لانەواز و بێدەرەتان، و فاکتەری تری خۆجێی.

**لەبەرئەوەی ڤایرۆسەکە هەتا ئێستا هیچ ڤاکسینێک یان چارەسەرێکی نییە هەرە گرنگترین ڕێگە بۆ سنووردارکردنی ڕێژەی مردن لە کورتخایەنییدا بریتییە لە کەمکردنەوەی گواستنەوەی نەخۆشییەکە و خۆپاراستن لە دانانی بارێکی گران لەسەر سیستمی تەندروستیی بە ژمارەیەکی زۆر لە حاڵەتی سەختی کۆڤید-١٩.** ئەو کەیسانەی کۆڤید-١٩ کە پێویستیان بە دەستێوەردانی پزیشکیی هەیە، سەرەڕای ئەو داواکارییەی کە بە خۆی لەسەر سیستمەکە و خزمەتگوزاریی تەندروستیی هەیە، و لە ئەزموونەکانی نیویۆرک و چین و ئیتاڵیاوە، ئەوە دەردەکەوێت کە چێک نەکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە ئەگەری ئەوە دروست دەکات کە سیستمی تەندروستیی بە خێرایی و لەپڕ بکەوێتە ژێر باری ئێجگار گرانەوە کە فریای نەکەوێت. لە کاتێکدا کە تێگەیشتنی جیهانیی لە کۆڤید-١٩ هێشتا هەر لە دروستبووندایە، ئەوە ڕوونە کە نەخۆشییەکە ئێجگار لە ئینفلۆنزای وەرزیی مەترسیدارترە (کە ڕێژەی مردن بە هۆی ئەمیانەوە بریتییە لە نزیکەی 0.1%). ڕێژە تۆمارکراوەکانی وەفات لە وڵاتانی جۆراوجۆر بریتیی بووە لە ١٠ دەرسەت (بۆ نموونە ئیتاڵیا، شانشینی یەکگرتوو، و ئیسپانیا) هەتا ئەوەی کە یەک ژمارە بێت ئەو ڕێژەیە (چین، ویلایەتە یەکگرتووەکان، و ئەڵمانیا). کۆریای باشوور کە لە جیهاندا چڕوپڕترین پشکنینی بەکارهێناوە، ڕێژەی مردن لەوێ نزیکەی ٢ دەرسەت بوو، واتە بیست ئەوەندە کوژەرتر بووە وەک لە ئەنفلۆنزای وەرزیی.




شێوەی ١. کێرڤی ئێپیدیمحۆلۆجی حاڵەتە جەختکراوەکانی تاقیگەیی کۆڤید-١٩، بە گوێرەی ڕێکەوتی توشبوون بە نەخۆشییەکە، لە چین ڕاپۆرت کراوە، لە ڕۆژی ٢٠ ی شوباتی ٢٠٢٠. [1]

**لە قۆناغە بەراییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵگەیی کۆڤید-١٩، هەموو توخمەکانی ستراتیجێکی بەرایی وەڵامدانەوە، پێویستە پەیوەست بێت بە ئامانجی گشتگیریی سنووردانان بۆ حاڵەتی وەفات لە ڕێی کەمترکردنەوەی گواستنەوەی گشتیی و کەمترکردنەوەی فشار لەسەر سیستمی تەندروستی.** کاری بەپەلە و توند و سەخت ڕەنگە بتوانێت سوورێکی ئەرێنی دروست بکات، کە تێیدا ڕێوشوێنەکان بۆ کەمتکردنەوە و خاوکردنەوەی تووشبوونەکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی کەیسە کریتیکاڵەکان، و ئەمەش فشار کەم دەکاتەوە لەسەر یەکەکانی چاودێریی چڕ، و قەبارەی زۆرترین کەیسەکان کەم دەکاتەوە، و ڕێژەی وەفات کۆنترۆڵ دەکات.
ڕێژەیەکی کەمتری تووشبوون بە پەتاکە واتە فشارێکی کەمتر دەکەوێتە سەر سیستمی تەندروستی. دواخستنی کارکردن لە بەرامبەریشدا دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکە بە بەرفراوانی و دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر داواکاریی لە لایەن حاڵەتە کریتیکاڵەکان و داخورانی کواڵێتیی خزمەتی تندروستی و خراپبوونی ڕێژەی وەفاتەکان. جیاوازی نێوان ئەم دوو سیناریۆیە ڕەنگە تەنها چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک بێت.

کاتێک ڕێژەی گواستنەوەی نەخۆشییەکە کەمتر دەکرێتەوە و باری سەرشانی سیستمی نەخۆشخانەکان سەقامگیر دەکرێت یان کەم دەکرێتەوە، دواجار ئیتر دەتوانرێت ڕەچاوی ڕێوشوێنی خاوکردنەوەی لەسەرخۆی هەندێک ڕێوشوێنی لێک دووربوون دابنرێت بۆ

[1] https://www.who.int/docs/default-source/coronaviruse/who-china-joint-mission-on-covid-19-final-report.pdf

سنووردانان بۆ گواستنەوەی نەخۆشییەکە. ئەو پێوەرەی کە دەبێت جێبەجێ بکرێت پێش خاوکردنەوەی فەرمانەکانی لێکدووربوونی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەیەک لە خوارەوە باس کراون، و ڕێنمایی بۆ ئەم قۆناغەی دواتر لە وەڵامدانەوەی کۆڤید-١٩ بە تیروتەسەلی هەیە لەناو نوسخەکەی ئەم ڕێنماییە لەسەر ئینتەرنێت.




شێوەی ٢. تێڕوانینێکی چەمکیی بۆ کاریگەری ڕێوشوێنەکانی کۆنترۆڵکردن لەسەر کەمترکردنەوەی ڕێژەی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩، و چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی گریمانەیی ئەو ڕێوشوێنانە سنوور دابنێن بۆ باری سەرشانی سیستەمی تەندروستی.

<u>**ڕێوشوێنە ستراتیجییەکانی بۆ بەڕیوەبردنی کۆڤید-١٩ لەناو کۆمەڵگە**</u>

ئەولەوییاتی کۆمەڵگەکان لێک جیاوازن و بە گوێرەی قۆناغی تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکەش، گۆڕانی بەسەردا دێت. ستراتیجەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت، بە گوێرەی شوێنی شارەکە لەسەر ڕێچکەی تەشەنەسەندنەکە و ژمارەی کەیسەکان لەناو کۆمەڵگەکە. هەر کۆمەڵگەیەک ڕەنگە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕێت لەگەڵ زیادبوونی تەشەنەسەندنەکە، و کە ڕەنگە بە خێرایی زیاد بکات و یەک لە دوای یەک بن. وەنەبێت هەموو کۆمەڵگەیەک بە هەمان و هەر یەکێک لەم قۆناغانەدا بڕوات بەڵکو ڕەنگە بە پەلە پیایاندا تێپەڕێت و ڕەنگە هەندێک قۆناغ نەبینێت، بە تایبەتیی لە بەراییەکانی تەشەنەسەندنی نەخۆشیەکە.

زۆر گرنگە کە تێبگەین لەوەی دابەزینی ژمارە و ڕێژەی گواستنەوەی نەخۆشییەکە، ڕەنگە پێچەوانە ببێتەوە، و ڕەنگە کۆمەڵگە تووشی چەند شەپۆلێکی کەیسەکان ببێت. دابەزین یان کەمبوونەوەی حاڵەتەکان بەس نییە تا بەکاری بهێنین وەک بناغەیەک بۆ خاوکردنەوەی لێک دووریی کۆمەڵایەتی و خاوکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی مانەوە لە ماڵەوە. ئەو کۆمەڵگانەی کە کەمبوونەوە دەبینن لە ژمارەی کەیسەکان، ڕەنگە لەپڕ بەرزبوونەوەی ژمارەکە ببینن لەبەر چەند فاکتەرێک، وەک زیادبوونی ژمارەی ئەنجامدانی تێست، گۆڕانی هەلومەرجەکانی ڕاپۆرتکردنی نەخۆشییەکە، خاوکردنەوەی پێشوەختانەی ڕێوشوێنەکانی کۆنترۆڵکردن، و هاتنی حاڵەتی نوێ.

پێویستە کاری جۆراوجۆر و شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێت لەگەڵ تێپەڕینی کۆمەڵگەکە بەم قۆناغانەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەدا. ئەوەی کە بزانین ئێستا کۆمەڵگەکە لە کام قۆنآغدایە کارێکی سەختە لە بەرایی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەدا، بە

تایبەتی کە تاقیکردنەوەی تەشخیسی هێشتا زۆر بەردەست نەبێت بە شێوەیەکی بەربلاو. تەشەنەسەندنەکە بە خێرایی ڕوودەدات لە حالەتی پەتا و زانیارییەکانیش زۆر تەواو نین یان کەمن. بڕیاردان ڕەنگە پێویستە بەرەوپێش بڕوات بەڵام لەسەر بناغەیەک کە پەشیمانی لە دوا نەبێت پێش ئەوەی کە بەڵگەی ڕوون هەبێت لەسەر ئەوەی کۆمەڵگەکە لە کام قۆناغدایە.

قۆناغەکان تایبەتن بەم ڕێنمایە و ئاماژە نین بە نامیلکەی چوارچێوەی قۆناغەکانی پەتا، کە بنکەی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی لە ٢٠١٦ بڵاوی کردۆتەوە.[2]

| Local stages of outbreak | Burden on healthcare system |
|---|---|
| No cases yet | No burden on healthcare |
| Limited individual cases | No burden on healthcare system |
| Initial community transmission | Initial burden on healthcare system |
| Large-scale community transmission | Moderate to high burden on healthcare system |
| Reduced community transmission | Burden on healthcare system is decreasing |
| Containment of individual cases | Low burden on healthcare system |
| Recovery | No burden on healthcare |

شێوەی ٣. وەسفی گەشەسەندنی پەتاکە لە کۆمەڵگە خۆجێییەکان، وەک نیشانەکراوە بە ژمارەی کەیسەکان و باری سەرشانی سیستمی تەندروستی.




[2] https://www.cdc.gov/flu/pandemic-resources/national-strategy/intervals-framework.html

شێوەی ٤. نموونەیەکی نیشتمانی کە تایبەتە بە رێژەی بلاوبوونەوە و ژمارەی کەیسەکان لە کۆمەڵگەیەک، نەخشەکە بە گوێرەی ئەو وەسفە دانراوە کە لە شیوەی ٣ هاتووە و بە نزیکەیی هاوتایە لەگەڵ بلاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ لە چین، وەک لە شێوەی ١ پیشان دراوە. * تکایە سەرنج بدە لەوەی ڕەنگە زیاتر لە یەک چەماوە هەبێت لە پەتایەکدا، بە تایبەتی لە ماوەی سەرکوتکردنی پەتاکەدا کە رەنگە دیسانەوە پەتاکە زیاد بکاتەوە کاتێک لێک دووریی کۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنەکانی تر ئازاد دەکرێن و لادەبرێن. بڕوانە بەشی خوارەوە بۆ تاوتوێی زیاتر.

<u>ئامانجە سەرەکییەکانی کارکردن لەسەر کۆڤید-١٩ لە ئاستی کۆمەڵگەییدا</u>

ئەم ڕێنماییە سوود لە ڕێنماییەکانی بەردەست وەردەگرێت لە بواری ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی پەتا و تیشک دەخاتە سەر پێکهاتەکانی ئامادەباشی و وەڵامدانەوەی حاڵەتە هەرە کریتاڵەکان بۆ بەردەست بڕیاربەدەستان لە کاتێکدا ئەوان خەریکی کارکردنن لەسەر کەمترکردنەوەی کاریگەرە نەرێنییەکانی کۆڤید-١٩.

**ئەم ڕێنماییەی خوارەوە پرسیار و وەڵامە سەرەکییەکان دەخاتە پێش بڕیاربەدەستانی خۆجێی، لەگەڵ شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتەکان، بۆ کاتێک کە ئەوان دەست دەکەن بە ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی کۆڤید-١٩.**

<u>ئامانجە سەرەکییەکان:</u>

1. **چالاککردنی سەنتەرێک بۆ چالاکیی ناکاوی، Emergency Operations Center (EOC)، ئی ئۆ سی، و دامەزراندنی سترەکچەرێکی بەڕیوەبردنی حاڵەت بۆ تەواوی کۆمەڵگە.**

کۆنترۆڵکردنی بلاوبوونەوەی پەتایەک کارێکی فرەبوارە و ئاست و بواری جۆراوجۆر دەگرێتەوە و پێویستی بە کۆششی تەواوی هەموو کۆمەڵگەکەیە، و پێویستە سەرکردایەتی و سترەکچەری بەڕێوەبردنەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت. چالاککردنی بنکەیەکی ئی ئۆ سی وەک بۆ هەر کارێکی تری وەک کارەساتی سروشتی یان قەیرانی ئاسایشی نیشتمانی، باشترین شێواز دەبێت کە لە تەشەنەکردنەکەی ئەم پەتایەی دوایی ڕوویدا. ئی ئۆ سی پێویستە سترەکچەرێکی هەبێت بۆ بەڕیوەبردنی حاڵەت کە هەموو کۆمەڵگە بگریتەوە بە تەواوەتی، سوود لە تواناکان و پلانەکانی بەردەست وەربگرێت بۆ وەڵامدانەوەی ناکاوی ئەگەر بکرێت. بەکارهێنانی ئی ئۆ سی بوار بۆ کۆمەڵگە دەڕەخسێنێت بۆ ئاسانکردن و باشکردنی پەیوەندی بەستن و پلاندانان و بڕیاردان و هەماهەنگیی چالاکیی لە نێوان سەرکردەکانی کۆمەڵگەکە و لایەنە بەشدارەکان، لەناویدا پەیوەندیی و یەکڕیزیی و یەکخستنی پرۆسەکان و سووڕی بڕیاری ئی ئۆ سی لە ئاستی بەرز، ویلایەت و فیدراڵ. پێویستە ئی ئۆ سی کەسانی نوێنەری هەبێت یان رێکخەر یان هەماهەنگیکار لەگەڵ ئاستەکانی تری حکومی و بەرپرسانی دەسەلاتی تەندروستی و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕابەرە ئاینییەکان و کۆمەڵگەی بزنس و خەلکانی ئەکادیمی و هی تر.

2. **تێگەیشتن و ئیحتیواکردنی بلاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ لە کاتی خۆیدا لە کۆمەڵگەکە لە ڕێی چاودێری، پشکنین، بەدواداچوون و شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتەکان، و کەرەنتین و گۆشەگیرکردنی کەیسەکان.**

ستراتیجی کۆنترۆڵکردنی پەتا پشتئەستورە بە تێگەیشتن لە مەترسیی گواستنەوە لەناو کۆمەڵگەکە بە شێوەیەک کە بتوانرێت بە شێوەیەکی کارا نەخۆشییەکە کۆنترۆڵ بکرێت و ئیحتیوا بکرێت. ئەمەش پیویستی بە چاودێریی بەردەوامی نەخۆشییەکە و پشکنین تەشخیسی و بەدواداچوون و شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتە و گۆشەگیرکردن و سیستمی ڕاپۆرتکردن هەیە بە شێوەیەک کە جەخت بکاتەوە لەوەی زانیاریی تازە و نوێ لەسەر بلاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە کۆمەڵگەکەدا لەبەردەست بێت بە مەبەستی ئەوەی ستراتیجەکە پشتئەستوور بێت بە زانیاری و بڕیاری تاکتیکیی ڕۆژانە بدرێت. ڕەنگە ئەمە زەحمەت

بێت کاتێک کەرەستەی پشکنینی تاقیگەیی سنووردار بێت یان کەرەستەی خۆپارێزیی شەخسیی کەم بێت کە نەتوانرێت وەک پێویست پشکنینی تاقیگەیی بکرێت. زیاترکردن و بەردەوامیدان بە دابینکردنی پشکنینی تاقیگەیی ئێجگار پڕبایەخ دەبێت، سەرەڕای بەردەستبوونی توانای تری تاقیگەیی. ئەگەر بۆ ماوەیەک پشکنینی تاقیگەیی بۆ تەشخیسکردن، سنووردار بێت، ئەوسا کۆمەڵگەکان چاودێری و ئامرازی تری چاودێری دینامیکی باشتر بکەن شانبەشانی شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتەکان بۆ پێوانەکردنی چالاکییەکانی نەخۆشییەکە لەناو کۆمەڵگەکە. پشکنینی تاقیگەیی بە شێوەیەکی کاریگەر و شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتە و بەدواداچوون پێویستی بە توانانی خێرای پشکنینی تاقیگەییە لەگەڵ ئامرازی ئەوتۆ کە بتوانێت کار لەسەر زانیاریەکان بکات بۆ ئەوەی بە خێرایی داتای شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتە و بەدواداچوون کۆبکاتەوە و شی بکاتەوە، لەگەڵ بەڕێوەبردن و بڵاوکردنەوەی تیمی شوێنپێ هەڵگرتن و بەدواداچوون و دابینکردنی توانای لەبار و گونجاو و دابینکردنی حەوافیز بۆ کەرەنتینی کارای بەرکەوتەکان و گۆشەگیرکردنی کەسانی تووشبوو. پێویستە شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتەکان و پشکنینی تاقیگەییکان هەماهەنگ بێت لەگەڵ توخمی تری پلانی درێژخایەن بە مەبەستی ئیحتیواکردن و کۆنترۆڵکردنی گواستنەوە لەناو کۆمەڵگە. توخمی تریش هەیە وەک دووپاتکردنەوەی سووری ڕێوشوێنەکانی لێکدووریی کۆمەڵایەتی، وەک هەڵوەشاندنەوە و بوارنەدان بە کۆڕوکۆبوونەوەی گەورە، داخستنی قوتابخانەکان، حەوافز بۆ تێلی وۆرک، و بەرفراوانکردنی توانای خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ دابینکردنی پێویستییەکان.

## 3. خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی گواستنەوەی نەخۆشییەکە

خاوکردنەوە و سنووردانان بۆ گواستنەوەی پەتاکە لەناو کۆمەڵگەیەک پڕبایەخە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی مرۆیی پەتاکە لە کورتخایەنییدا و جەختکردنەوە لەوەی کە نەخۆشخانەکان دەتوانن ژیانی خەلک ڕزگار بکەن و بەردەوام بن لە خزمەتگوزاریی. هەروەها ڕەنگە ببێتە مایەی هەلپەساردنی ژیانی ڕۆژانە لە کاتێکدا ڕێوشوێنەکانی لێک دووری کۆمەڵایەتیی توندتر دەکرێت هاوشان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە. بڕیاردان لەسەر باشترین شێوازەکان بۆ سنووردارکردنی گواستنەوەی پەتاکە پێویستە بە گوێرەی ڕێنمایی نیشتمانی و ویلایەت بێت، سەرەڕای فاکتەرەکانی مەترسیی خۆجێی. بە گشتیی، لێک دووریی کۆمەڵایەتی لە ماوەی قۆناغە بەراییەکانی تەشەنەسەندنەکە پێویستە وەها ڕێک بخرێت کە توندتر بێت لەوەی کە بارودۆخە خۆجێییەکە خۆی پیشان دەدات. هەر کاتێک ڕێژەکانی گواستنەوە لەناو کۆمەڵگەیەک کەم بۆوە و باری سەرشانی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی سەقامگیر بوو یان کەمی کرد ئەوسا دەکرێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ ڕێژەی ڕێوشوێنەکانی لێک دووریی کۆمەڵایەتی خاو بکرێتەوە. بۆ ڕێگری لە زیادبوونی گواستنەوەی نەخۆشییەکە لەناو کۆمەڵگە پاش ئەوەی کە ڕێوشوێنەکانی لێک دووریی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرین، پێویستە کرانەوەی بزنس و ئابووری بە قۆناغ ئەنجام بدرێت بە گوێرەی گەیشتنی کۆمەڵگەکان بە چەند پێوەرێک پێش ئەوەی لە قۆناغێکەوە بچینە قۆناغێکی تر. تکایە بڕوانە خوارەوە بۆ پێناسەکردنی قۆناغەکانی سووک کردن و لابردنی ڕێوشوێنەکانی لێک دووریی کۆمەڵایەتی و ئەو پێوەرەی کە پێویستە هەبێت پێش ئەوەی دەست بکرێت بە قۆناغی داهاتووی کرانەوە و دەسپێکردنەوە.

## 4. جەختکردنەوە لە پاراستنی ئەو گروپانەی مەترسیی زۆریان لەسەرە

کۆڤید-١٩ مەترسییەکی گەورەیە لەسەر خەڵکی بەتەمەن و ئەوانەی ڕەوشی تەندروستییان ئاڵۆزە. ڕەوشی هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتە بە خۆی و جیایە لە هی تر و پێویستە هەر ئی ئۆ سییەکی خۆجێی لیستێکی جێی ڕەزامەندیی هەموان ڕێک بخات لەگەڵ ڕێنمایی بۆ خەڵکی لانەواز و بێبەرگری و شوێنەکان، بڕوانە نموونەکانی خوارەوە. پێویستە بایەخ بدرێت بە پێویستییەکانی ئەو خەڵکانە و ئەو شوێنانەی لێی نیشتەجێن یان لێی کۆدەبنەوە. کەمترکردنەوەی

گواستنەوەی نەخۆشییەکە لەناو ئەم گروپانە لە ڕێی ڕێوشوێنی پشتگیریی ئامانجگیراوەوە دەبێتە هۆی پاراستنیان و هاوکات کەمتکردنەوەی فشار لەسەر سیستمی تەندروستی.

5. **پتەوکردن و بەرفراوانکردنی سیستمی تەندروستی و توانای بۆ ئەوەی چالاکییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ڕێگری لە ژمارەی زۆری وەفات**

مەترسیی ڕێژەی بەرزی مردن بە هۆی کۆڤید-١٩ زیاتر دەکات بە شێوەیەکی بەردەوام ئەگەر باری سەرشانی سیستمی تەندروستی ئێجگار قورس ببێت بە کەیسی کریتیکەڵ. ئەزموونەکانی چین و ئیتاڵیا و نیویۆرک و شوێنی تر ئەوە دەردەخەن کە کەیسەکانی کۆڤید-١٩ ڕەنگە ببنە هۆی باری سەرشانی دەستگاکان ئێجگار قورس بێت و زیاتر بن و قەرەباڵغتر بن لەوەی کە لە توانای دەستگا تەندروستییەکاندایە. دۆزینەوەی ڕێگەی داهێنەرانە واتا یەکخستن و بەکارهێنانی سەرجەم توانای پزیشکیی و بەرفراوانکردنی توانای خزمەتگوزاریی بۆ حالەتی کریتیکەڵ، و ئەمە زۆر پیویست دەبێت لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی کەیسەکان. کاری پەلە و ناکاو پێویستە ئەنجام بدرێن بۆ کەمترکردنەوەی مەترسیی گواستنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە تەندروستیین، گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە نەخۆشخانەکان. ڕاوێژکاریی پزیشکی لە ڕێی ئینتەرنێت و تەلەفونەوە، وەک بەکارهێنانی تێلیمێدیسین، بینینی نەخۆش بە ئۆنلاین، و چاودێریی نەخۆشی کریتیکەڵ بەو شێوەیە لە بەشەکانی ناکاوی و یەکەکانی خزمەتگوزاریی چڕ، بە ڕێگەیەک دادەنرێن بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان و بەڕێوەبردنی کەیسی نەخۆشەکان.

6. **بەرفراوانکردنی ئاشناکردنی مەترسییەکان بە کۆمەڵگە و بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگە**

بەرپرسیارانی گشتیی دەبێت پابەند بن بەوەی زانیاریی مەترسیی ڕاست و ورد و بە شێوەیەکی شەفاف بدەن لەسەر پەتاکە، تەنانەت ئەگەر هۆشدارکەرەوە/ئینزارکردن بێت. متمانەی کۆمەڵگە بۆی هەیە وەڵامدانەوەی پەتاکە تێک بدات، یان دروستی بکات، چونکە کاریگەریی لێک دووریی کۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنەکانی تر پشت دەبەستن بە پابەندێتیی کۆمەڵگەکەوە. پێویستە بە باشترین شێوە مەترسییەکان بگەیەنرێت بە کۆمەڵگە بۆ پرسازیی کاری پشتئەستوور بە زانیاری نەوەک ترس و تۆقین. لیستێک لە زانیاریی پێویستی پڕبایەخ دابین بکرێت لە لایە ئی ئۆ سی بۆ بڕیاربەدەست و سەرکردەکان، لەگەڵ زانیاری نوێی ڕۆژانە، و دابینکردنی لیستێکیش لە زانیاریی پێویستی پڕبایەخ بۆ خەڵک، و گەیاندنی بە خەڵک بە شێوەیەک کە بە ئاسانی بگاتە هەموویان.

7. **کەمکردنەوەی پاشخانی پەتای کۆڤید-١٩ لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری**

تەشەنەسەندنی پەتا دەبێتە هۆی هەڵپەساردنی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریی. ئەم هەڵپەساردن و پچرانە زیانبەخشن و کێشە دروست دەکەن کاتێک پابەندێتی بە ڕێوشوێنەکانی لێک دوورییەوە ببێتە هۆی تێکچوونی باری ئابووری. کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم پاشخانانە هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچووی مرۆیی نەخۆشییەکە، سەرەڕای کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەتاکە. سەرکردەکان هەروەها پێویستە بایەخێکی تایبەت بدەن بە کاریگەری پەتاکەش و ڕێوشوێنەکانیش لەسەر خەڵکی لانەواز.

**ڕێنمایی بەرەی پێشەوە بۆ بڕیاربەدەستانی خۆجێی**

**پێناسەی قۆناغەکان بۆ جێبەجێکردنی لەسەرخۆ و بە قۆناغ، و هەروەها خاوکردنەوەی، ڕێوشوێنەکانی لێک دووریی کۆمەڵایەتی**

**قۆناغی ١: ئەوپەڕی ڕێوشوێنەکانی لێک دووریی کۆمەڵایەتی پیادە دەکرێت** و دادەڕێژرێت بە گوێرەی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکە بۆ کەمکردنەوەی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە. جەخت دەخرێتە سەر کەمترکردنەوەی گواستنەوەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و کەمترکردنەوەی باری سەرشانی سیستمی تەندروستی و هاوکات ئامادەکردنی تواناکان بۆ ئەگەری زیادبوونی حاڵەتەکان لە ئاییندەدا.

**قۆناغی٢: قۆناغی دەستپێکردنی کرانەوەی بەرایی** دەبێت جەخت بخاتە سەر دەسپێکردنەوە بە شێوەیەکی سەلامەت بۆ چەند بوارێکی پڕبایەخ و گرنگی دیاریکراو کە کەمترین مەترسییان تێدایە، یان بۆ ئەوانەی کە دەستگاکە مەترسییەکی قبوڵکراوی تێدایە بۆ گواستنەوەی نەخۆشییەکە، لەگەڵ ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی گونجاو. بە گشتیی پێویستە لەم قۆناغە درێژە بدرێت بە قەدەغەکردنی کۆڕوکۆبوونەوە، و چالاکیی ئەوتۆ قەدەغە بکات کە بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵکەکە لێک نزیک دەبن، و درێژە بدات بە قەدەغەکردنی کۆبوونەوە لە شوێنی داخراو. چالاکیی لە دەرەوە گونجاوە ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو لێک دوور بن خەڵکەکە. پێویستە هێندەی بکرێت بوار بدرێت بە تێلی ۆرک، کارکردن لە ماڵەوە بە بێ چوون بۆ شوێنی کار.

**قۆناغی ٣: قۆناغی چاکبوونەوەی ئابووری** پێویستە جەخت بخاتە سەر کرانەوەی بەرفراوانی ئابووری و کاری کۆمەڵایەتی کاتێک گواستنەوە کەم دەبێتەوە و بە شیوەیەکی باش سەرکوت کراوە. ئاستی نزمی گواستنەوەی نەخۆشییکە بە شێوەی کۆمەڵگەیی واتە کارکردنی وەک کۆبوونەوەی ناگەورە بواری هەیە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی گونجاو. هێشتا کۆبوونەوەی گەورە و کۆڕ مەترسییەکی گەورەن. بەڵام دەکرێت پەیوەندیی بۆ ماوەیەکی درێژ یان مانەوە لە شوێنی داخراو بواری پێبدرێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی گونجاو. پێیستە درێە بدرێت بە کارکردن بە تێلی ۆرک.

**قۆناغی ٤: قۆناغێکی نوێی ئاسایی** بریتییە لە گەڕانەوەی تەواو بۆ باری ئاسایی کە گونجاوە و کاری کردنە پێش بڵاوبوونەوەی مەناعەی ڕەو لە ڕێی پێکوتەی گشتیی بەرفراوان. گواستنەوەی کۆمەڵگەیی نەخۆشییەکە بە باشیی چاودێری دەکرێت و ئێجگار لاوازە، تووشبوون بە فایرۆسەکە زۆر بە خێرایی ئیحتیوا ئەکرێت. دەتوانرێت دەست بکرێتەوە بە زۆربەی کارەکان هەرچەند مەترسییان بەرز یان نزم بێت بۆ تووشبوون.

***پێویستە بڕیاربەدەستان ئامادە بن بۆ گەڕانەوە بۆ قۆناغەکانی پێشوو ئەگەر داتاکان و بەڵگەکان وا پێویست بکەن.***

**پێوەرەکان بۆ خاوکردنەوە وکەمکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی لێک دووری لەناو کۆمەڵگەکە**

1. ڕێژەی تووشبوون: پێویستە ڕێژەکانی تووشبوون لە دابەزین بن، و هەر کەیسێکی تووشبوون کەمتر بێت لە 1.00 کەس (R0 < 1 و نزیک ببێتەوە لە سفر). ڕێژەی پۆزەتیڤی تاقیکردنەوەی تەشخیسیی دەبێت بەردەوام نزم بێت.
    a. ڕێژەی پۆزەتیڤی تاقیکردنەوەی تەشخیسیی [بە بێ کۆتوبەند لەسەر تاقیکردنەوە]
        i. قۆناغی٢: کەمتر لە ١٠ دەرسەتی تاقیکردنەوەکانی کۆڤید-١٩ پۆزەتیڤن
        ii. قۆناغی ٣ و ٤: کەمتر لە ٣ دەرسەتی تاقیکردنەوەکانی کۆڤید-١٩ پۆزەتیڤن
    b. کۆی گشتیی ژمارەی کەیسەکان
        i. سەرجەم قۆناغەکان: دابەزینی بەردەوام لە ژمارەی ڕۆژانەی کەیسەکان بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ لەسەر یەک، و وەک ڕەنگدانەوەی تێکڕای ٥ ڕۆژ لەسەر یەک.

ii. قۆناغی ٢: کەمتر لە پێنج حاڵەت 5> بۆ هەر 100,000 هاووڵاتیەک لە رۆژێکدا، لەگەڵ ئەنجامدانی پشکنینی بەربڵاو

iii. قۆناغی٣: کەمتر لە یەک حاڵەت 1> بۆ هەر 100,000 هاووڵاتییەک لە رۆژێکدا، لەگەڵ ئەنجامدانی پشکنینی بەربڵاو

iv.

v. قۆناغی ٤: کەمتر لە یەک حاڵەت 1> بۆ هەر 100,000 هاووڵاتییەک لە رۆژێکدا لەگەڵ ئەنجامدانی پشکنینی بەربڵاو

2. پشکنینی تەشخیسیی کۆمەڵگە، و چاودێریی: چاودێریی کۆمەڵگە دەتوانێت بە پەلە کەیسی نوێ دیاری بکات. پشکنینی تەشخیسیی بۆ تووشبوونی ئاکتیڤ بە خێرایی و بە بەرفراوانی بەردەستە بۆ هەموو ئەوانەی کە داوای دەکەن.

a. رێژەی پشکنینی تەشخیسی

i. قۆناغی ٢: زیاترکردنی ژمارەی تێستەکان لە رۆژێکدا بۆ هەر 100,000 هاووڵاتییەک، بە بەکارێنانی ئەم ئامێرە یان هی هاوشیوە

ii. قۆناغی ٣: زیاترکردنی ژمارەی تێستەکان لە رۆژێکدا، نزیک لە پێویست، بۆ هەر 100,000 هاووڵاتییەک، بە بەکارێنانی ئەم ئامێرە یان هی هاوشیوە

iii. قۆناغی ٤: ژمارەیەکی پێویست لە تێست لە رۆژێکدا بۆ هەر 100,000 هاووڵاتییەک، بە بەکارێنانی ئەم ئامێرە یان هی هاوشیوە

b. هەبوونی پشکنینی تەشخیسیی

i. قۆناغی ٢: سەرجەم هەموو ئەو کەسانەی نیشانەکانیان هەیە، بە بێ ڕەچاوکردنی سەختیی حاڵەتەکەیان، و هەموو ئەو کەسانەی مەترسیی بێنیشانەییان لێ دەکرێت یان بەرکەوتەکانیان بە بێ ڕەچاوکردنی سەخستیی حاڵەتەکان، دەتوانن لە ماوەی ٤٨ کاتژمێر لەو کاتەوەی داوا دەکەن ئەوا پشکنینیان بۆ بکرێت و ئەنجامەکان وەربگرنەوە.

ii. قۆناغی٣: هەموو ئەو خەڵکانەی کە نیشانەکانیان پێوە نییە بە بێ ڕەچاوکردنی سەختیی حاڵەتەکە، و هەموو ئەو کەسانەی مەترسی بێنیشانەییان لێدەکرێت یان بەرکەوتەکانیان، دەتوانن لە ماوەی ٤٨ کاتژمێر لەو کاتەوەی داوا دەکەن ئەوا پشکنینیان بۆ بکرێت و ئەنجامەکان وەربگرنەوە

iii. قۆناغی ٤: هەموو ئەو خەڵکانەی کە نیشانەکانیان پێوە نییە بە بێ ڕەچاوکردنی سەختیی حاڵەتەکە، و هەموو ئەو کەسانەی مەترسی بێنیشانەییان لێدەکرێت یان بەرکەوتەکانیان، وهەر کەسێک داوا دەکات پشکنینی بۆ بکرێت، یان هەر کاتێک پزیشکێک داوای پشکنین بکات بۆ کەسێک، دەتوانن لە ماوەی ٤٨ کاتژمێر لەو کاتەوەی داوا دەکەن ئەوا پشکنینیان بۆ بکرێت و ئەنجامەکان وەربگرنەوە

c. کاتبەندیی پشکنینی تەشخیسی

i. قۆناغی ٢: زۆربەی ئەنجامی پشکنینەکان لە ماوەی ٤٨ کاتژمێر دەگەڕێتەوە

ii. قۆناغی ٣ و ٤: زۆبەی ئەنجامی پشکنینەکان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر ئەگەڕێتەوە

d. هەبوون و ئەنجامدانی تەشخیس بۆ کارمەندانی تەندروستی و ئەوانەی مەترسیی گەورەیان لەسەرە

i. قۆناغی ٢: زۆربەی کارمەندانی تەندروستی، کارمەندانی وەڵامدانەوەی خێرا، کارمەندانی critical infrastructure ژێرخانی پربایەخ، و خڵکی تر کە مەترسیی گەورەیان لەسەرە، ئەمانە بتوانرێت پشکنینیان بۆ بکرێت هەفتەی جارێک، ئنجا نیشانەیان هەبێت یان نەبێت.

ii. قۆناغی٣: زۆربەی کارمەندانی تەندروستی، کارمەندانی وەڵامدانەوەی خێرا، کارمەندانی critical infrastructure ژێرخانی پربایەخ، و خڵکی تر کە مەترسیی گەورەیان لەسەرە، ئەمانە بتوانرێت پشکنینیان بۆ بکرێت هەفتەی جارێک، ئنجا نیشانەیان هەبێت یان نەبێت.

iii. قۆناغی ٤: زۆربەی کارمەندانی تەندروستی، کارمەندانی وەڵامدانەوەی خێرا ، کارمەندانی critical infrastructure ژێرخانی پربایەخ، و خڵکی تر کە مەترسیی گەورەیان لەسەرە، ئەمانە بتوانرێت پشکنینیان بۆ بکرێت هەموو ٢-٣ رۆژ جارێک، ئنجا نیشانەیان هەبێت یان نەبێت.

* پشکنین بۆ دژەتەن/ئەنتیبۆدی دەتوانرێت ئەنجام بدرێت کاتێک زانیاری زیاتر هەبێت لەسەر وردیی.*

e. *پشکنینی چاودێری و تەشخیسی سیندرۆمیی کۆمەڵگەکە*

i. سەرجەم قۆناغەکان: کۆمەڵگەکە چاودێریی سیندرۆمەکان ئەنجام دەدات بۆ چاودێریی زیادبونی نەخۆشیی هاوشێوەی ئەنفلونزا یان هاوشێوەی کۆڤید-١٩

ii. سەرجەم قۆناغەکان: چاودێریی ئێشکگریی لە رێی پشکنینی بەربڵاو لە دەستگاکانی بایەخپێدانی درێژخایەن، زیندانەکان، بەندینخانەکان، شێڵتەرەکان، ئەو شوێنانە و ئەو شوێنی کارانەی کە مەترسی زۆری لەسەرە.

iii. هەموو قۆناغەکان: کەرەستەی پشکنین، چیلکەی لۆکەداری پشکنین، ناوەندی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە، کەلوپەل، کارمەندان و توانای کارکردنی تاقیگەکان بەشی ئەو پێوەرانەی سەرەوە بکات، بە بێ رەیشنین/تقنین.

3. لێکۆڵینەوە لە کەیس و لە بەرکەوتەکان: توانای گۆشەگیرکردنی خێرا و پێویستی ئەوانەی کۆڤید-١٩ هەیە، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەرێوەبردنی کەیس، و دیاریکردن و کەرەنتن کردنی بەرکەوتەکانیان

a. بەردەستێتی و هەبوونی لە شوێنی کار

i. هەموو قۆناغەکان: بە لای کەمەوە ٣٠ کەسی مەشقدیتە لە شوێنپێ هەڵگرتن و کۆکردنەوەی بەرکەوتەکان لەبەردەست بن بۆ بەرێوەبردنی کەیس و پەروەردەی تەندروستی بۆ هەر 100,000 کەسێک *

* رەنگە وا پێویست بکات بەرنامەکان دامەزراندن رێک بخەنەوە بە گوێرەی ژمارەی کەیسەکان و بەرکەوتەکانی تەرخانکراو بۆ هەر کارمەندێکی شوێنپێهەڵگرتنی بەرکەوتە.

ii. هەموو قۆناغەکان: هێندەی پێویست کارمەندی کۆمەڵگەیی تەندروستیی، بەرێوەبردنی کەیس، رێکخەری سەرچاوەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، و پەروەردەی تەندروستی

iii. هەموو قۆناغەکان رێژەی سەدیی بەرکەوتەکان بە گوێرەی ژمارەی بەرکەوتووە گەیشتووەکان.

b. کارایی شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتەکان

i. قۆناغی ٢: لای کەم ٦٠ دەرسەت لە کەیسە نوێیەکان لەناو ئەو بەرکەوتانەوە دێت کە دیاری کراون، لەگەڵ ڕێژەیەکی سەدیی چەسپاو یان زیادبوو لە کەیس لەگەڵ تێپەڕینی کات.

ii. قۆناغی٣: بە لای کەمەوە ٨٠دەرسەت لە کەیسە نوێیەکان لەناو ئەو بەرکەوتانەوە دێت کە دیاری کراون لەگەڵ ڕێژەیەکی سەدیی چەسپاو یان زیادبوو لە کەیس لەگەڵ تێپەڕینی کات.

iii. قۆناغی٤: بە لای کەمەوە ٩٠ دەرسەت لە کەیسە نوێیەکان لەناو ئەو بەرکەوتانەوە دێت کە دیاری کراون

c. خێرایی پشکنین بۆ بەرکەوتەکانی ئەو کەسانەی تەشخیسیان پۆزەتیڤ بووە و ئەو کەسانەی نەخۆشیی هاوشێوەی ئەنفلونزا یان کۆڤید-١٩ هەیە

i. قۆناغی ٢: بەلای کەمەوە ٧٥ دەرسەت لە بەرکەوتەکان کۆکراونەتەوە، و لەژێر کەرەنتین دانراون لە ماوەی ٤٨ کاتژمێری ڕابردووی دیاریکردنی کەیسەکە.

ii. قۆناغی ٣: بەلای کەمەوە ٩٠ دەرسەت لە بەرکەوتەکان کۆکراونەتەوە، و لەژێر کەرەنتین دانراون لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی دیاریکردنی کەیسەکە

iii. قۆناغی ٤: بەلای کەمەوە ٩٥ دەرسەت لە بەرکەوتەکان کۆکراونەتەوە، و لەژێر کەرەنتین دانراون لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی دیاریکردنی کەیسەکە

d. هەبوونی دەستگاکانی کەرەنتین و گۆشەگیری سەلامەت

i. سەرجەم قۆناغەکان: دەستگای سەلامەتی کەرەنتین و گۆشەگیرکردن، هەروەها خزمەتگوزاریی پشتگیریی، بۆ ئەوانەی کە پێویستیانە، بە تایبەتی هەموو ئەوانەی پشکنینیان پۆزەتیڤە لەگەڵ بەرکەوتە نزیکەکانیان.

ii. قۆناغی ٣: ٢٥-٣٣ دەرسەت لەوانەی لە کەرەنتین و گۆشەگیرکردنن بە سەرکەوتوویی قۆناغەکە تەواو دەکەن.

iii. قۆناغی٤: ٥٠-٦٠ دەرسەت لەوانەی لە کەرەنتین و گۆشەگیرکردنن بە سەرکەوتوویی قۆناغەکە تەواو دەکەن.

e. بەڕێوەبردنی کەیس

i. سەرجەم قۆناغەکان: ١٠٠ دەرسەت لەو کەسانەی کار دەکەن لە بواری شوێنپێ هەڵگرتنی بەرکەوتووان لەناو کۆمەڵگەکە یەک سیستمی یەکخراو بەکاردەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی کەیس، کە بە شێوەیەکی سەلامەت بەرکەوتووەکان داخڵ دەکات و ڕاپۆرتیان دەکات بۆ فەرمانگەی تەندروستی.

هەموو قۆناغەکان: دوو یان زیاتر لە حاڵەتی تەشەنەکردن لە هەفتەیەکدا ڕاپۆرت دەکرێت لە حاڵەتی نا-خێزانی (لە شوێنی کار، خانەی پیکەوەژیان، شوێنی دامەزراوەیی) و ئیپیدیمیۆلۆجی پەیوەست لە ١٤ رۆژدا.

4. ئامادەیی سیستمی تەندروستی و نەخۆشخانەکان: توانای لەبار و گونجاو لە بواری ژمارەی قەرەوێڵە، و کەرەستەی خۆپارێزیی شەخسیی، کەلوپەل، کارمەندان، و کەرەستەی تر بۆ کارکردن لەسەر ژمارەی زۆری کەیسەکانی کۆڤید-١٩ بە بێ ئەوەی پەنا ببرێت بۆ ستانداردەکانی خزمەتگوزاریی قەیران.

   a. هەبوونی توانای ئای سی یو، یەکەی چاودێریی چڕ ICU، و کارمەندان بۆ شەپۆلی نەخۆشی کۆڤید١٩

      i. قۆناغی ٢: بە لای کەمەوە ١٥ دەرسەتی ئەو ئای سی یووەی کە هەیە، لەبەردەستە بۆ لەخۆگرتنی شەپۆلی نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩.

      ii. قۆناغی ٣و ٤: بە لای کەمەوە ٣٠ دەرسەتی ئەو ئای سی یووەی کە هەیە، لەبەردەستە بۆ لەخۆگرتنی شەپۆلی نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩.

      iii. سەرجەم قۆناغەکان: توانای وەرگرتنی شەپۆل- یان شوێنێک هەبێت تەرخان کرابێت یاخود شوێنێک بێت لەنێو هەر سیستمی خەستەخانەیەک کە تەرخان کرابێت، بۆ وەرگرتنی ٢٠ دەرسەتی شەپۆلی کەیسەکانی کۆڤید-١٩ بە بێ ئەوەی پەنا ببرێت بۆ ستانداردەکانی قەیران.

   b. هەبوونی خەستەخانە بۆ هەماهەنگیی جووڵاندنی نەخۆشەکان بە مەبەستی پشتگیریی لە کەیسەکانی شەپۆلی کۆڤید-١٩ بە بێ پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ستانداردەکانی خزمەتگوزاریی قەیران.

      i. سەرجەم قۆناغەکان: نەخۆشخانەکان دەتوانن شەپۆلەکان وەرگرن و هەماهەنگی بکەن لە جووڵاندنی نەخۆشەکان بە مەبەستی پشتگیریی لە شەپۆلی کۆڤید-١٩ بە بێ پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ستانداردی خزمەتگوزاری قەیران.

5. هەبوونی کەرەستەی خۆپارێزی و ئامێری پزیشکیی: هەبوونی کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی و ئامێری پزیشکیی وەک پێویست هەیە بۆ پشتگیریی لە شەپۆلی کەیسەکانی کۆڤید-١٩ بە بێ پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ستانداردی خزمەتگوزاریی قەیران.

   a. هەبوونی کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی لە شوێنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی

      i. هەمو قۆناغەکان: کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی هەیە بۆ کارمەندە سەرەکییەکان، و کارمەندانی ژێرخانی پڕبایەخ، و ستافی ئەو دەستگایانەی مەترسیی زۆریان لەسەرە.

      ii. قۆناغی ٢: زۆربەی خەستەخانەکان، دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن، شێلتەری لانەوازان، و شوێنی تری خزمەتگوزاریی تەندروستی، هێندەی پێویست کەرەستەی خۆپارێزیی کەسییان هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩ و پاراستنی کارمەندانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی.

      iii. قۆناغی ٣: ١٠٠ دەرسەتی خەستەخانەکان، دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن، شێلتەری لانەوازان، و شوێنی تری خزمەتگوزاریی تەندروستی، هێندەی پێویست کەرەستەی خۆپارێزیی کەسییان هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩ و پاراستنی کارمەندانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی. و یەدەکی کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی بە لای کەمەوە بۆ ماوەی ٢-٤ هەفتە.

      iv. قۆناغی٤: ١٠٠ دەرسەتی خەستەخانەکان، دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن، شێلتەری لانەوازان، و شوێنی تری خزمەتگوزاریی تەندروستی، هێندەی پێویست کەرەستەی خۆپارێزیی کەسییان هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩ و پاراستنی کارمەندانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی. و یەدەکی کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی بە لای کەمەوە بۆ ماوەی٩٠ ڕۆژ

b. هەبوونی کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی بۆ ئاژانسەکانی بەڕێوەبردنی قەیران و کارمەندان و دابینکارانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان.

i. هەموو قۆناغەکان: داواکاریی ئەولەوییەتە گرنگەکان بۆ پی پی ئای، کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی، هەمیشە دابین دەکرێت بۆ ئاژانسە خۆجێیەکانی بەڕێوەبردنی ناکاویی.

ii. قۆناغی ٢: پی پی ئای، کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی، هەیە بۆ سەرجەم کارمەندانی سەرەکی و کارمەندانی ژێرخانی پڕبایەخ، و ستافی ئەو دەستگایانەی مەترسییەکی زۆریان لەسەرە

iii. قۆناغی ٣ و ٤: پی پی ئای، کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی، هەیە بۆ سەرجەم کارمەندانی سەرەکی و کارمەندانی ژێرخانی پڕبایەخ، و ستافی ئەو دەستگایانەی مەترسییەکی زۆریان لەسەرە، هەروەها بۆ ئەو کارمەندانەی تریش کە پیویستیان بە پی پی ئی هەیە بۆ سەلامەتییان لە شوێنی کارەکەیان.

c. هەبوونی ئامێری پزیشکیی ڕزگارکەری ژیان لە شوێنەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی

i. قۆناغی ٢: زۆربەی ئەو خەستەخانانەی کە چارەسەری نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩ دەکەن هێندەی پێویست ڤێنتیلەیتەریان هەیە، لەگەڵ ئۆکسجین، وکەرەستە وکەلوپەلەکان، و کارمەندی تەندروستیی پێویست بۆ بەستنی لە سەرجەم ئەو نەخۆشانەی کۆڤید-١٩ کە پێویستیانە.

ii. قۆناغی ٣ و ٤: ١٠٠ دەرسەتی ئەو خەستەخانانەی کە چارەسەری نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩ دەکەن هێندەی پێویست ڤێنتیلەیتەریان هەیە، لەگەڵ ئۆکسجین، وکەرەستە وکەلوپەلەکان، و کارمەندی تەندروستیی پێویست بۆ بەستنی لە سەرجەم ئەو نەخۆشانەی کۆڤید-١٩ کە پێویستیانە

6. پاراستنی ئەو هاووڵاتیانەی کە مەترسییان لەسەرە

a. کەیسەکانی مەترسیدار لە دەستگاکان

i. سەرجەم قۆناغەکان: هێندەی پێویست توانای پشکنین و کەرەنتین هەیە لە دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن.

ii. قۆناغی ٢: ڕێژەی سەتیی حاڵەتە ڕیپۆرتکراوەکان لە دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن کەمترە لە ٢٠ دەرسەت لە ماوەی ٢٨ ڕۆژی دوایی

iii. قۆناغی ٣: ڕێژەی سەتیی حاڵەتە ڕیپۆرتکراوەکان لە دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن کەمترە لە ١٠ دەرسەت لە ماوەی ٢٨ ڕۆژی دوایی

iv. قۆناغی ٤: ڕێژەی سەتیی حاڵەتە ڕیپۆرتکراوەکان لە دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن کەمترە لە ٥ دەرسەت لە ماوەی ٢٨ ڕۆژی دوایی

b. تیمەکانی بەرسڤی بەلەز

i. سەرجەم قۆناغەکان: تیمەکانی وەڵامدانەوەی بەپەلەی خۆجێی لەبەردەستن بۆ بەرسڤی خاڵەکانی تەشەنەکردن لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا و هێندەی پێویست پی پی ئی، کەرەستەی خۆپارێزیی کەسیی، هەیە بۆ وەڵامدانەوەی تەشەنەسەندنی خۆجێی

c. چاودێریی ئێشکگرییانە

i. سەرجەم قۆناغەکان: چاودێریی ئێشکگرییانە و شوێنەکانی پشکنین لە دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن و لە شوێنی تری خزمەتگوزاریی هاووڵاتیانی بەتەمەن،بەردەوام لە چالاکی و کارن، هەروەها هی کەسانی داهاتی-نزم، و کەمینەکانی نەژادی و نەتەوەیی لەناویشیاندا ئەمریکییە ڕەسەنەکان-نەیتیڤ ئەمێریکانز.

d. هەبوونی پی پی ئی، کەرەستەی کەسیی خۆپارێزی

i. سەرجەم قۆناغەکان: زۆربەی دەستگاکانی خزمەتگوزاریی درێژخایەن و شێڵتەرەکانی لانەوازان هێندەی پێویست پی پی ئییان هەیە.

ii. سەرجەم قۆناغەکان: تیمەکانی بەرسڤی بەلەز لە ئاستی ویلایەت و خۆجێی هێندەی پێویست پی پی ئییان هەیە بۆ بەرسڤی تەشەنەسەندنی خۆجێی.

7. پەیوەندیی و پابەندێتی بە لێکدووریی کۆمەڵایەتی

a. پەیوەندیی و لێکدووریی کۆمەڵایەتی

i. سەرجەم قۆناغەکان: شێوازی گونجاو بۆ پەیوەندیی لە ئارادایە بۆ گەیاندنی زانیاری، لەناویشیدا بۆ ئەو کۆمەڵگانەی مەترسییانە لەسەرە (وەک هۆملێس/لانەواز، ئاوارە و پەنابەر، خەڵکی کەم-داهات)

ii. سەرجەم قۆناغەکان: زۆربەی دانیشتوانەکە ئاگادارن و ئاشنان بە کۆتوبەندەکان.

b. **پابەندێتیی بە لێکدووریی کۆمەڵایەتی**

i. سەرجەم قۆناغەکان: زۆربەی کۆمەڵگە پابەندن بە داواکاری و مەرجەکانی لێکدووریی کۆمەڵایەتی

**<u>نیشاندەرەکانی بەرەوپێشچوونی ئامادەکارییەکانی کۆمەڵگە بۆ کۆڤید-١٩</u>**

1. هەبوونی توانای چارەسەرکردنی حاڵەتی شلۆق/کریتیکەڵ/چاودێریی چڕ لە کۆمەڵگە

a. ئایا لە دوو هەفتەی داهاتوودا دەتوانرێت ژمارەی نزیکەیی ئەو قەرەوێڵانەی کە پێویست دەبێت، دابین بکرێت؟

b. ئایا نەخۆشخانەکان لە کۆمەڵگەکە دەتوانن داواکارییە هەنووکەییەکان و پێشبینکراوەکانی یەکەی چاودێری شلۆق و یەکەی چاودێریی چڕ دابین بکەن؟

c. ئایا ڕێوشوێن پیادە کراوە بۆ بەرفراوانکردنی یەکەکانی چاودێریی شلۆق/کریتیکەڵ و چاودێریی چڕ؟

d. ئایا دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی خۆجێی وەرگیرانی نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩، یان ئەوانەی ڕەنگە کۆڤید-١٩ هەبێت، جیادەکەنەوە بە جیا لەوانەی کە پیویستیان بە جۆری تری خزمەتگوزارییە؟

2. دانانی ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ ئەو دەستگایانەی خزمەتگوزاریی پێشکەشی ئەو خەڵکانە دەکەن کە مەترسیی زۆریان لەسەرە

a. ئایا لیستێکی چڕوپڕ ئامادەکراوە لەو دەستگایانەی کە ئەو خەڵکانەی تێدا دەژین کە زۆر مەترسییان لەسەرە؟

b. ئایا توانای ئەو دەستگایانە لە ڕێگریی لە تووشبوون و پیادەکردنی پاکوخاوێنی هەڵسەنگێندراوە و جەختی لێکراوەتەوە؟

c. ئایا سەرجەم ئەو خاڵانەی لاوازیین  و ئەگەری تووشبون زیاتر دەکەن لەو دەستگایانە، کاریان لەسەر کراوە؟

3. کۆمەڵگە دەتوانێت بە خێرایی هەموو خەڵکە تووشبووەکە دەستنیشان بکات، گۆشەگیریان بکات، و بە خێرایی و کارایی کەرەنتینیان بکات و شوێنپێی بەرکەوتەکانیان هەڵگرێت.

a. ئایا ڕێژەی سەتیی پشکنینی تەشخیسیی پۆزەتیڤ بە گوێرەی کۆی ژمارەی پشکنینەکان، لە دابەزیندایە، و ئایا ئەو ژمارەیە هێندە نزمە (بۆ نموونە 3 %) کە نیشاندەری ئەوە بێت کە پشکنینەکەت زۆرینەی کەیسەکان دەستنیشان دەکات؟

b. ئایا زۆربەی کەیسە نوێیەکان سەر بەو کەسانەن کە بە بەرکەوتە دانراون؟

c. ئایا پشکنینی تەشخیسیی ورد بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەستە لە کۆمەڵگەکەدا و لە کاتی گونجاو و ڕێکوپێکی خۆیدا دابین دەکرێت (بۆ نموونە 24 کاتژمێر).

d. ئایا مەشقکراوە بە تیمەکانی شوێنپێ هەڵگرتن؟

e. ئایا تیمەکانی شوێنپێ هەڵگرتن وەک پێویست بڵاوە پێکراون بتوانن داواکارییەکان بەدیبهێنن ( بۆ نموونە ٥ شوێنپێ هەڵگر بۆ هەر کەیسێکی پۆزەتیڤ)؟

f. ئایا شێوازی دیاریکراو و گونجاو لە ئارادایە لە کۆمەڵگە بۆ بەدەستهێنان و بەڕێوەبردنی کۆکردنەوەو تەواوکاریی داتا بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ پشکنینی تەشخیسی و شوێنپێ هەڵگرتن؟

4. هەبوون و دەستگەیشتن بە پشکنینی تەشخیسیی کۆڤید-١٩ لە سەرتاسەری کۆمەڵگەکە

a. ئایا پشکنینی تەشخیسیی کۆڤید-١٩ بەردەستە  لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بۆ هەموو ئەوانەی کە نیشانەکانیان لێدەردەکەوێت؟ و کۆمەڵگەکە داواکارییە پزیشکییەکانی پێ دابین دەکرێت؟

b. ئایا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەنجامی پشکنینە تەشخیسییەکان دەگەڕێندرێتەوە؟

c. ئایا کارمەندانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، و کارمەندانی وەڵامدانەوەی خێرا، و دابینکارانی خزمەتگوزاریی سەرەکی، و ئەوانەی مەترسیی زۆریان لەسەرە، هەموو کاتێک دەستیان دەگات بە پشکنینی تەشخیسیی کۆڤید-١٩، ئاخۆ نیشانەکانیان هەبێت یان نەیانبێت؟

d. ئایا کارمەندانی خزمەتگوزاریی تەندروتیی، کارمەندانی وەڵامدانەوەی خێرا، و ئەوانی تر کە لە مەترسیدان، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ناوبەنا پشکنینیان بۆ دەکرێت (هەموو ٢-٣ ڕۆژێک) ئاخۆ نیشانەکانیان هەبێت یان نەیانبێت؟

e. ئایا کەموکوریی هەیە لە زنجیرەی دابیکردنی پشکنینی تەشخیسی، لەناویشدا ئامێرەکان، کەلوپەلەکان، و مادەکان، و کارمەندەکان؟

f. ئایا سیرۆلۆجی، ئەنتیبۆدی، و پشکنینی تەشخیسی لەبەردەست هەیە؟

5. جێبەجێکردنی ستراتیجی گەیاندنی قەیران، لەناویدا تازەکردنەوەی خشتەکان و هێڵی ڕوونی گەیاندن و پەیوەندی لەگەڵ لایەنە پڕبایەخە پەیوەندارەکان
6. جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی تووشبوون و خۆپارێزی و کۆنترۆڵکردن بە مەبەستی ڕێگری لە ڕاوەستانی خزمەتگوزارییە پڕبایەخەکان، وەک
   a. دابینکردنی خۆراک و دابەشکردنی؟
   b. ژێرخانی پڕبایەخ؟
   c. دابینکردنی ئاو؟
   d. بەڕێوەبردنی خاشاک و پاشەڕۆ؟
   e. کارەبا؟
7. هەبوون و دابینکردنی وەک پێویست لە پی پی ئی، کەرەستەی خۆپارێزیی کەسی، بۆ:
   a. یەکەکانی چاودێریی شلۆق/کریتیکەل؟
   b. بنکەکانی پشکنین؟
   c. یارمەتیدانی بنکەکانی ژیان و دەستگای تر کە ئەو هاوولاتیانەی لیدەژین کە مەترسیی زۆریان لەسەرە؟
   d. ئاژانسەکانی بەڕێوەبردنی ناکاوی، ئیمرجێنسی و کارمەندانی بەرەی پێشەوەی وەڵامدانەوە؟
   e. تیمەکانی ویلایەت و خۆجێی بۆ وەڵامدانەوەی تەشەنەسەندنی خۆجێی؟

8. چالاککردنی بنکەی ئی ئۆ سی، بنکەی چالاکییەکانی ناکاویی، لەگەڵ هەوڵەکانی سترەکچەری فەرماندەیی ڕووداو بۆ بەڕێوەبردنی وەڵامدانەوەی خۆجێی
   a. ئایا بەڕێوەبەری ڕووداو هەیە کە بە تایبەت دەستنیشانکران بێت و دەسەلاتی پێدرابێت؟
   b. ئایا یەکەی ڕێخکراوەیی هەیە لە بنکەی ئی ئۆ سی کە تەرخان کرابێت و پەیوەست بن بە ئەولەویەتیی سەرەکیی چالاکییەکانەوە، وەک پشکنین، توانای نەخۆشخانەکان، گەیاندنی قەیران، پاراستنی ئەو هاووولاتیانەی مەترسیی زۆریان لەسەرە، هتد؟
9. هەبوونی تێگەیشتنێکی ورد لە ڕەوتی گواستنەوەی کۆڤید-١٩ لەناو کۆمەڵگەکە
   a. ئایا سەرکردایەتیی کۆمەڵگەیی بە وردیی تێگەیشتووە لە ئاستی گواستنەوەی کۆڤید-١٩؟
   b. ئایا جەماوەری گشتیی لە کۆمەڵگە بە وردیی تێگەیشتووە لە حاڵەتی گواستنەوەیی کۆڤید-١٩ لە ڕێی ئاگادارکردنەوە و زانیاری نوێی ڕۆژانەوە؟

| ئامانجی سەرەکی #1 | چالاککردنی بنکەکانی چالاکیی ناکاوی و دامەزراندنی سترەکچەرێکی بەڕێوەبردنی ڕووداوی کۆمەڵگەیی گشتیی |
|---|---|
| داواکراو بۆ ئامانجی سەرەکیی #1 | **کاری ئەولەوییەت**<br><br>**چالاککردنی بنکەکانی چالاکیی ناکاویی خۆجێی و بەستنیان بە ئی ئۆ سی ویلایەت و فیدراڵیەوە**<br><br>**دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەرێکی تواناپێدراو بۆ ڕووداوەکان**<br><br>**ڕێکختنی یەکە و تیمی ئی ئۆ سی کارا بۆ ئەولەوییەتە سەرەکییەکان**<br><br>**دامەزراندنی ڕێکخەر یان هەماهەنگکار بۆ هاوبەشە سەرەکییە حکومییەکان لە ئاستی ویلایەت و فیدراڵ و لەگەڵ لایەنە پەیوەندارە کۆمەڵگەییەکان.**<br><br>**داواکاریی و پێویستییەکانی چالاکییەکان**<br><br>• ئایا ئی ئۆ سییەکان، بنکەی چالاکییەکانی ناکاوی، چالاک کراون و سترەکچەرێکیان هەیە بۆ ڕووداوەکانی هەموو کۆمەڵگەکە؟<br>سەرچاوەی بەردەست, here, here و here )<br>• ئایا تیمی چالاک لەناو ئی ئۆ سییەکان ڕێکخراون بۆ ئەولەوییەتە دیاریکراوەکان (وەک ئەو کارە سەرەکییانەی کە لەم ڕێنماییەدا دیاریکراون)؟<br>(سەرچاوەی بەردەست here و here)<br>• ئایا ئی ئۆ سی کەسانی هەماهەنگکار و ڕێکخەری بۆ تەرخانکراوە بۆ سەرجەم حکومەتە پەیوەندارەکان، و کۆمەڵگە، و بەشدارانی کەرتی تایبەت، لەناویاندا (سەرچاوەکان، hereو here و here)<br><br>○ ئایا بەرپرسانی ویلایەت و خۆجێی و فیدرالیی تر بەشدارن لە وەلامدانەوەکە؟<br>○ هاوپەیمانێتییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، وەک نەخۆشخانەکان، تەندروستی گشتیی، ئیمێرجێنسی، و پێکهاتەی تری سەرەکیی تەندروستی و کەرتی پزیشکی؟<br>○ گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستگاکانی باوەڕ و ئایین، و ڕابەرانی تری کۆمەڵگە؟<br>○ نوێنەرایەتییەکی گونجاو بۆ سەرجەم فەرمانگە و ئاژانسەکان؟<br>• ئایا ئی ئۆ سی کارمەند و کەرتە پرپایەخەکانی ناو کۆمەڵگەی دیاری کردووە (خزمەتگوزاریی تەندروستی، دەستگاکان، گواستنەوە و هاتووچۆ، دابینکردنی خۆراک، هتد؟)<br>سەرچاوەکانی بەردەست here و here و here)<br>• ئایا هیچ پرۆسەیەک لە ئارادایە بۆ پشتگیریی لە خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆشگوزەرانیی ئەو کارمەندانەی لە ئی ئۆ سی کار دەکەن؟<br>(سەرچاوەی بەردەست here)<br>○ لەگەڵ بەرفروانکردنی کەرەنتین و مەرجەکانی خۆگۆشەگیرکردن، ئایا پرۆسەیەکی ڕوون هەیە بۆ گواستنەوە بۆ ی ئۆی سی ئۆنلاین بۆ ئەو کارمەندانەی کە بنەڕەتیی نین و |

| | |
|---|---|
| هێشتا پێویستان پێیانە، هەروەها دیاریکردنی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەوانەی کە ڕەنگە تووشی نەخۆشییەکە ببن؟<br>• ئایا ڕێکخەری وەڵامدانەوە دانراوە و ئایا دەسەڵاتیان هەیە بۆ: (سەرچاوەکانی بەردەست here و here)<br>○ باسکردنی بابەتەکان ڕاستەوخۆ بۆ سەرکردایەتی بۆ بڕیاردانی بەپەلە؟<br>○ پێکەوە بەستنەوەی پسپۆڕانی زانستی و تەندروستی بۆ دابینکردنی ڕێنمایی بە گوێرەی دواترین توێژینەوە؟<br>• ئایا بەردەوامی ئەدرێت بە پلانی حکومی بۆ جەختکردنەوە لە درێژەدان بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان؟ (بۆ نموونە here)<br>○ ئایا پلانی بەردەوام هەیە تا بزنسە بنەڕەتییەکان وەک دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی یان ئەو دەستگایانەی خزمەتی دانیشتوانە بێدەرەتان و لانەوازەکە ئەکەن، جەخت لەوە بکرێت کە بەردەوام دەبن لە خزمەت؟<br><br>**هەندێک خاڵی تر کە ڕەچاو بکرێن**<br>• ئایا پرۆسەیەک هەیە کە بە ڕوونی دیاریکرابێت کە لایەنە بەشدارەکانی تەندروستی وپزیشکیی داواکاری بۆ سەرچاوە پێشکەش بکەن بۆ ئی ئۆ سیی ناوچەکەیان؟<br>• ئایا سیستم و تەکنەلۆجیای سەرەکیی پەیوەندی و گەیاندن وەک پێویست هەیە لە ئی ئۆ سی؟<br>• ئایا پلانی ئامادە هەیە بۆ بنیاتنان و هێشتنەوەی وێنەیەکی هاوبەشی پێکەوە کارکردن بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ بەشداری و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و ئاشنایەتی بە ڕەوشەکە بۆ سەرجەم لایەنە بەشدارەکان<br>• چی جارنامەیەک یان ڕێنمایی یاسایی و ڕێسایی جێبەجێ کراوە و چۆن کار دەکەنە سەر ئەو بڕیارانەی کە پێویستە بدرێن؟<br>• ئایا پرۆسەیەک لە ئارادا هەیە بۆ جەختکردنەوە لەوەی کە گەیاندنی مەترسییەکان بە شێوەیەکی ورد و لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت و دەگەیەنرێت بە هەموو لایەنە پەیوەندداراەکان.<br>• ئایا پسپۆڕانی زانیاریی تەندروستی بەشێکن لە سیستمی زانیاریی هاوبەشدا؟<br>• ئایا لایەنە بەشدارە سەرەکییەکان پلانەکانی بەردەوامی و پلانەکانی ناکاویی خۆیان گەیاندووە بە ئی ئۆ سی؟<br>• ئایا کارمەندان پێویستیان بە مەشقی نوێکردنەوەی زانیاری هەیە لەسەر چەمکەکانی سیستمی فەرماندەیی ڕووداو، ئای سی ئێس؟<br>• ئایا ئی ئۆ سی پلانی داناوە بۆ ئەگەری نەمانی ئەو کارمەندانەی یەکەمجار وەڵام دەدەنەوە لە ڕێی دامەزراندنی درێژەپێدانی پلانی چالاکییەکان بۆ جێگرتنەوە و تەواوکردنی کارمەندە بنەڕەتییەکان؟ | |
| • National Response Framework, Fourth Edition https://www.fema.gov/media-library-data/1582825590194-2f000855d442fc3c9f18547d1468990d/NRF_FINALApproved_508_2011028v1040.pdf<br>• Incident Command System Primer for Public Health and Medical Professionals: Appendix B: Incident Command System Primer for Public Health | سەرچاوەکان |

| | |
|---|---|
